# سینەمای سێیەم و قەیرانی و شوناس
# هەوڵەکانی فیلمسازی کورد بۆ بونیادنانی پێگەیەك لە زەینی ئەوی دیکەدا

**دڵشاد مستەفا رحیم** [1]

[1] بەشی سینەما،کۆلێجی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی،هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: dilshad.razawa@univsul.edu.iq

## پووختە:

لە نێو دنیای سینەمادا ژمارەیەك تێرم و زاراوەی جۆراوجۆر بۆ تەوژم یان ستایڵێکی سینەمایی تایبەت و جیاواز درووست بووە. ئەم تێرمانە، تاڕادەیەك بوونەتە شوناس بۆ ناسینەوەی ئەو فۆرمی کارکردنە و لە چوارچێوەیەکی تایبەتدا جێگیری کردووە و لانیکەم بە دنیای ناساندووە. لەنێو ئەو چەمکانەدا کە تاڕادەیەکی زۆر دەکرێت وەك تەوژمێکی چوارچێوەنەکراو تەماشای بکەین کە بەردەوام بە شوێن شوناسدا وێڵە زاراوەی (سینەمای سێیەم)ە. ئەو زاراوەیە لە بنەڕەتدا لە چەمکێکی سیاسییەوە سەرچاوەی گرتووە، دواجار کە ژمارەیەك دەرهێنەر بە شوناسی نەتەوەیی و ئیتنیکی جیاوازەوە دێن و پایەکانی بەهێزتر دەکەن ئیدی دەبێتە تێرمێکی ناسراو و دنیای ڕەخنەی سینەمایی و تیۆرسنانی ئەو نێوەندەش هەر بەو ناوەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکەن. ئەو تەوژمە هەمیشە بە شوێن شوناسێکی دیاریکراوەوەیە و دەیەوێت بۆ خۆی جێگیر بکات، بەڵام سەرهەڵدانی هەر فۆرمێکی سینەمایی جیاواز یان هەر سینەمایەکی نەتەوەیی کە خۆی بخزێنێتە ژێر چەتری ئەوەوە جارێکی تر دیاریکردنی شوناسی ئەو ئاڵۆز و گرفتاوی دەکات.

ئەم توێژینەوەیە بە لایەك هەوڵێکە بۆ ڕاڤەکردنی ئەو تەوژمە و گەڕان بە شوێن دۆخێکدا کە بتوانێت لە مۆلەقیی بیباتە دەرەوە و چوارچێوەیەکی جێگیری بۆ دەستنیشان بکات. هاوکات لەو هەنگاوە دەدوێت کە کورد دەینێت بۆ وێناکردنی فۆرمێك لە سینەما بەرهەمی بهێنێت کە دەشێت لە دەرەنجامدا بواری ئەوەی بداتێ سەرپشك بێت لە هەڵبژاردنی تێرمێکی نوێ بۆ گوزارشتکردن لە خودی خۆی یان گەر بیەوێت بە هەمان ئەو دنیابینیەوە بمێنێتەوە کە وادەزانێ بۆ ئەو گونجاوترە هەنگاوەکانی لە بونیادنانی سینەمایەکی تایبەت و نەتەوەییدا بچێتە ژێر چەتری سینەمای سێیەم.

بە سوود وەرگرتن لە تێرمە نوێیەکانی دابەشبوونی دنیاو دواتر گەیشتن بە ئاکامی پەیدابوونی پێکهاتە ترانسناشناڵەکان ئەم توێژینەوەیە هەندێك چارەسەری جیاوازتر دەخاتە بەردەم سینەماکاری کورد تا لە ئاوێنەیەکی تردا، درووستتر لە پانتاییەکی تردا بە شوێن شوناسی خۆیدا وێڵ بێت. ئەو شوناسەی لە نێو دنیای هونەردا و بە تایبەتیش سینەما لە سەرەتای گەڕاندایە و هێشتا هەوڵێکی وا نەدراوە بۆ ناسینی یان گەڕانێکی مەبەستگەرای جددیی و پاڵپشت بە هزرێکی ئەکادیمی درووست نەهاتۆتە کایەوە.

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| بەرگ | ٥ ژمارە ٢ ساڵی(٢٠٢٠) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن:٢٠٢٠/٢/١٧ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن:٢٠٢٠/٦/١٤ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە:٢٠٢٠/٦/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | dilshad.razawa@univsul.edu.iq |

| مافی چاپ و بڵاوکردنەوە | ©٢٠٢٠ \| د.دڵشاد مستەفا رحیم، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**ملخص البحث :**

ظهرت في عالم السينما مصطلحات عديدة لتعريف موجة او اسلوب سينمائي خاص. واصبحت تلك المصطلحات بمثابة هوية للتعرف على تلك الانماط و تاطيرهن. من بين تلك المفاهيم نجد هناك موجة سينمائية مغايرة لم يتمكن النقد السينمائي من تحديدها و ظلت تبحث عن هويتها المندثرةعبر تجارب شعوب مختلفة و طالما عرفت بالسينما الثالثة نسبة الى العالم الثالث.

ان اصل التسمية اخذت من التصنيفات السياسية و الاقتصادية التي قسمت العوالم حسب انتمائاتها , لتأتي بعد ذلك مجموعة من المخرجين بهويات مختلفة تعمل بانماط مختلفة لتقوية ذلك المفهوم و دعم ركائزه لتصبح بعد ذلك موجة معروفة يتعامل معا النقد و التنظير السينمائي بشكل اوسع. يتعامل هذه الموجة مع السينما كوجود كونى و يعتبرونها كونية من حيث أنها تتحول إلى آلية للتواصل في أعمق معانيه، إذ أنها تتوجه للإنسان بتنوع انتمائه الفكري و الحضاري و العرقي.

تبقى السينما الثالثة في بحث دائم عن هوية ثابتة ولكن مع ظهور اي شكل سينمائي جديد ينتمي الى تللك الدول التى تتجمع تحت طائلة العالم الثالث تحبط محاولات تثبيت اطار دائمي أو الظهور بهوية ثابتة. لان الكونية التى يدعوا اليها بعض مخرجى العالم الثالث كمنفذ للدخول الى العوالم الاخرى لا تتحقق إلا من فائض الوعي بالهوية القومية، حين يستوعب المخرج تراثه الحضاري وقضاياه الآنية و يحولها الى قضايا انسانية مشتركة.

تحاول هذه الدراسة الدخول الى مساحات جديدة لمعرفة خصوصيات هذا النهج السينمائي و ايجاد مقاربات جديدة للحيلولة دون الوقوع في متاهات تضيع ما بناه السينمائيون بجهودهم الابداعية.

و يبحث ايظا في محاولات السينمائيين الكرد في بناء صرح اخر و مغاير بعيدا عن المألوف ويقدم حلول وبدائل اخرى مثل سينما المتعددة الجنسيات لعبور الحدود المرسومه من قبل الدول ولتخطي العقبات التي ممكن ان تسد الطريق امام عمل فني ما وذلك بالاستفادة من بحوث و دراسات حديثة قدمت في هذا المجال من قبل باحثين واكاديميين غربيين. لمعالجة هذه الإشكالية لا بد من تفكيك بنية السينما كادات للتواصل و كوسيط مرئى لديه قدرة التوغل فى مساحات عديدة لايتمكن منها الفنون الاخرى من حيث القدره التقنية و الوصول الى المتلقي باقل مجهود. ان عمليه التفكيك و البناء تتطلب ايجاد منافذ دقيقه للوصل الى ما يبتغيه الباحث بالأدوات المفهومية المتاحة أو الحبائك النظرية المبلورة. و بهذا يقوم بشكل دائم ومتواصل ومستمر على خلخلة المعرف لخلق معرفة جديدة للخروج بنا من حالة التيه والتنازع المعرفي لاننا في كلّ مرّة نجد أنفسنا أمام ظاهرة مثيرة، تنتابنا أو تستفزّنا، تقلقنا أو تدهشنا، فإنّ ردّ الفعل هو في الغالب محاولة فهم ما يحدث بالبحث عن المعطيات و ما يومئ اليه فى نهاية الامر.

ان مشكله الهوية يمكن تجاوزها بالدخول الى عالم الآخرالذى يمثل المركز، وذلك بانتهاج ما يحاول العمل من اجله مجموعة من الباحثين و السينمائيين من ارجاء المعمورة. وبذلك يحث الباحث و من خلال مفاهيم و قيم اكاديميه محكمة، السينمائيين الى نهج جديد تحررهم من التزامات عرقية و تدفعهم الى مساحات اوسع تمثل الانسانيهة جمعاء دون فقدان هوياتهم الثقافية.

Abstract

In the world of cinema, many terms have emerged that define ap articular wave or cinema style. These terms became an identity to identify and frame these forms. Among these concepts there is a different wave of cinema that film criticism has not been able to identify it, in appropriate framework. However, it has been searching for its own identity through the experiences of different national cinemas and has long been known as the third cinema in relation to the Third World.

The origin of the term was taken from the political and economic classifications that divided the worlds according to their affiliations. Therefore, a group of directors emerged with different identities working in a variety of styles to strengthen the concept and support its characteristics. Accordingly, it has become a known wave, critics and cinema theories have dealt with it more widely.

This wave treats cinema as a universal existence and considers its universalness in that it becomes a communication mechanism in its deepest senses. It is leading to the audience, despite of their intellectual, cultural and ethnic affiliation.

The third cinema remains in constant search for a consistent identity, but with the emergence of any new cinematic form belonging to those countries that gather under the name of the Third World, attempts to stabilise a permanent frame or form with a fixed identity are thwarted. That is because the universalness that some third world directors call for, as an entry point into other worlds, can only come from a surplus of awareness of national identity. This will appear when the director assimilates his cultural heritage and his immediate issues and turns them into common humanitarian issues.

This study attempts to explore new territories to learn the specificities of this cinematic approach and to find new approaches to prevent the maze of degenerative what the filmmakers built with their creative efforts. Also, looking at the attempts of Kurdish filmmakers to build different structure far from the mainstream. It offers other keys and alternatives such as transnational cinema to cross borders drawn by states. To overcome the obstacles that block the way in front of an art work, we must take advantage of recent researches and studies presented in this field by western researchers and academics. In order to address this problem, it is necessary to dismantle the structure of cinema, as a means of communication and a visual medium that has the ability to penetrate in many areas that other arts cannot in terms of technical capacity and reach the recipient with minimal effort in particular.

The problem of identity can overwhelm by entering the world of the others who represent the center by adopting what a group of researchers and filmmakers from around the world are trying to work for. Thus, the researcher urges, through the concepts and values of theoretical aspects that filmmakers use to go through a new approach, this can liberate them from ethnic obligations, and pushes them into wider territories that represent humanity without losing their cultural identities.

**Key Words: Third world, Identity, Transnational Cinema, Third Cinema.**

**کلیلەوشە: جیهانی سێیەم، شوناس، ترانسناشناڵ سینەما، سینەمای سێیەم**

## سنووری توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە دنیای هونەردا دەسوورێتەوە بە پشتیوانی هەندێك ڕاڤەی سیاسیی و هزریی و مامەڵە لەگەڵ جۆرێك لە سینەما دەكات كە لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا بەرهەم دێت و دیاریكراوتر مامەڵە لەگەڵ كورد و بەرهەمەكانی فیلمسازانی كورددا دەكات و لە چوارچێوەی كاری ئەو فیلمسازانەدا دەسوورێتەوە كە هەوڵ دەدەن شوناسی كەلتووری بكەنە پێودانگی مامەڵەكردن لەگەڵ دنیای ئەوانی تردا.

## کێشەی توێژینەوەکە:

لەنێو مێژووی سینەمادا زارەوەی سینەمای سێیەم، زاراوەیەكی نوێ و گرفتاوییە و تائێستا مۆلەقە و جێگیر نەبووە، هەڵبەتە ژمارەیەك فاكتەر هەن كە ئەم دۆخە بەو شێوەیە دەهێڵنەوە. بمانەوێت یان نا دۆخی كورد خۆی و وەستانی لە نێوەندێكی مۆلەقدا بەشێوەیەك لەشێوەكان بە جیهانی سێیەمەوە گرێ دراوە ئەگەر لە ڕێی نەتەوەی سەردەستیشەوە بێت، كەواتە ئەو دۆخی بێ شوناسییە چییە كە فیلمسازی كوردی تێدا دەژی؟ گەر فیلمسازی كوردیش لەو بێ شوناسییەی خۆیدا بیەوێت بچێتە ژێر چەتری ئەم تێرمەوە ئاخۆ چی بەسەردێت؟ ئایا كورد و فیلمسازییەكەی دەتوانن جۆرێك لە شوناسی تایبەت بۆ خۆیان دیاری بكەن؟ ئایا فیلمسازی كوردی دەچێتە ژێر ناوی سینەمای سێیەمەوە گەر خودی دۆخی سیاسی كوردی هێشتا لەو ئاستەدا نەبێت؟ ئاخۆ هەموو هەوڵەكانی فیلمسازانی كورد هەروا بە مۆلەق و بێ شوناس دەمێننەوە یان دەشێت سینەمای سێیەم وەك ستایڵ و شوناسێك دەرفەتیان پێ بدات تا لانیكەم لەڕێی ئەوەوە هەنگاوێك بۆ نێو دنیای ئەوانی تر بنێن؟ یان دەشێت مامەڵەیەكی تر لەگەڵ فیلمسازی كوردی بكەین و ئەو تێرمەی كە بە سینەمای نەتەوەی بێدەوڵەت دەیناسێنێ بۆ بكەین بە چوارچێوە؟ ئەمانە و زنجیرەیەك پرسیاری تر كە لەنێوەندی توێژینەوەكەدا هەوڵ دەدرێت ڕاڤە بكرێن و گەڕانێكی ورد بۆ دۆزینەوەی وەڵامەكانیان دەكرێت.

## گرنگیی توێژینەوەکە:

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت كە لە چەمكی شوناس دەكۆڵێتەوە و گرنگی شوناسی كەلتووری لە مەسەلەكانی بە جیهانیبووندا ڕوون دەكاتەوە و سینەما وەك ئەو چەترە دەبینێ كە دەتوانێ نەتەوە بێدەوڵەتەكان بەرێتە نێو ئاپۆرا نێو دەوڵەتییەكانەوە و لە ژێر هەژموونی نەتەوە سەردەستەكان دەربازیان بكات. بە مانایەكی تر بەشداری سینەما لە درووستكردنی شوناسی كەلتووری بۆ جیهانی سێیەم و ئەو نەتەوانەی فیلمسازیان لەژێر ناوی سینەمای سێیەمدا كۆدەبێتەوە. لە نێو ئەو نەتەوانەدا كورد بە نموونە وەرگیراوە كە لەئەمڕۆدا خۆی و قوربانیی و مەسەلە پەیوەندیدارە سیاسییەكانی بۆتە سەرباسی نێوەندە جیهانییەكان، بەڵام ئەو تا هەنووكە بە تەنها شوناسی سیاسی لەگەڵ خۆی بردووە. ئەم توێژینەوەیە دەرچەیەكە بۆ دۆزینەوەی جۆرێكی تر لە شوناس لە ڕێی پێگەی گرنگی سینەماوە. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە كە تائێستا كاری لەم شێوەیە لە نێوەندی ئەكادیمیی و ڕووناكبیریی كورددیدا پێشكەش نەكراوە و كەم تا زۆر ئەم چەمكانە بە شاراوەیی و دوور لە توێژینەوەی زانستی ماونەتەوە. بۆیە هەر هەوڵێكی ئەكادیمی لەوكایەیەدا گرنگە و بەهیواین ئەم توێژینەوەیەش بتوانێ لانی كەمی ئەو ئەركە جێبەجێ بكات.

## پێشەکیی و ناساندن:

لە دوای پەیدابوونی تەوژمە نوێیەكانی فیلمسازی، سینەما وەك فاكتەرێكی گەردوونی بۆ ڕاڤەكردنی دنیا دەناسێنرێت و بەشێكی باش لە ڕەخنەگرانی دنیای هونەر مامەڵەیەكی تایبەتی لەگەڵ دەكەن.

هەڵبەت سینەما و شوناس دووانەیەكی تاڕادەیەك لە یەك چوون و لە هەندێك دۆخیشدا وەك دوو كۆنسێپتی جیاواز و دوور لەیەك دەردەكەون. تێزی شوناس بە بەردەوام تێزێكی ئاڵۆز و تەمومژاوی بووە و لە زۆر دۆخدا دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ڕەگ و ڕیشە و ڕابردوو، شوناس پێیەكی لەناو

ئێستا و پێیەکی لەنێو مێژوودایە. مێژوو بەو مانایە نا کە تەنها کەڵەکەبوونی ڕووداو و چیرۆکەکانی ڕابردوو بێت، بەڵکو وەك کەڵەکەبووی ڕەگەزەکانی هۆشیاریی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و کەلتووریی و هونەریی و بەشداریی ئەکتیڤانەی لە بنیاتنانی کاراکتەری کۆمەڵایەتییدا.

بەشێك لە بیرمەندان هونەر وەك تۆماری گوزەری کۆمەڵەمرۆییەکان و گەل و نەتەوە جیاوازەکان پێناسە دەکەن و وەك میکانیزمی وێناکردنی گۆڕانکارییە جەوهەرییەکان دەیبینن. کەواتە سینەما وەك کایەیەکی هونەری بەهێزی گوزارشت، دەتوانێ ڕووداوە مێژووییە گەورەکان لەنێو فۆرمە جیاوازەکانی خۆیدا نەمر بکات، بۆیە ئەو پێیەی شوناس لەنێو مێژوودا هەیەتی سینەما وەك پایەیەکی گرنگ دەبینێ و دەتوانێ لە جێی جومگەیەکی پتەوی خۆنەمرکردن بیخاتە گەڕ.

ڕوانین لە پێگەی بەکارهاتووی سینەما وەك ئامێری وێناکردنی شوناس لە نێو ڕابردووی ئێمەدا دەمانگەێنێتە ئەو بڕوایەی نەتەوە سەردەست و داگیرکەرەکانی کورد وەك فاکتەری ناشرینکردنی کاراکتەری کورد بەکاریان بردووە و دواتر لە ڕێی ماس میدیاوە برەویان بەم ئایدیا دوژمنکارانەیە داوە. بۆ نموونە توورکەکان لە ژمارەیەك بەرهەمدا هەوڵی ئەوەیان داوە کورد وەك دز و جەردە و ڕێگر لە لایەك و نەتەوەیەکی دواکەوتوو و ژنکوژ لە لایەکی ترەوە بە دنیا بناسێنن. ئەم دیاردەیە لەو دراما تورکیانەشدا دەبینرێت کە دۆبلاژی کوردی کراون و لە کەناڵە کوردییەکانەوە نمایش دەکرێن.

دیوەکەی تری شوناس ئەو دەمەی پێ دەنێتە نێو ئێستاوە بواری یارییکردنێکی ترە، شوناس لەئێستادا ڕەوتی دامەزراندن و درووستبوونێکی بەردەوامە و ناوەستێ، هاوکات نێوەندی ململانێ و هاوسەنگییەکە کە لە بەر یەك هەڵناوەشێ، ڕەنگە هەندێك لە ڕەوتلادانی هەبێت، بەڵام چوونەوە سەر شارێ ڕاستەقینە و درووستەکەی خۆی گران نییە، سانایە هان بدرێت تا وەك پێکهاتەیەکی کەلتووری نەتەوەیی لە برەودا بێت. شاراوە نییە کە سینەمای نەتەوە جیاوازەکان توانیویانە تارادەیەکی باش هەنگاو بەرەو دنیای ئەوانی تر بنێن و بە تایبەتی لەم سەردەمەی پۆست گلۆبالیزمەدا کە ئیدی خەفەکردنی دەنگە جیاوازەکان ئەستەمە و ژمارەیەکی زۆر دەروازەی خۆنمایشکردن بە ڕووی مرۆڤەکاندا کراوەتەوە. ئاخۆ ئیستا دەرفەتی ئەوە نییە بۆ ئەو نەتەوانەی سینەمایەکی خاوەن شوناسێکی دیار شك نابەن هەنگاو بۆ خۆدۆزینەوە بنێن؟ ئایا کورد لەم دۆخەی ئێستا باشتری دەوێت بۆ ئەوەی دەستنیشانی شوناسی خۆی لەڕێی ئەو کایە کەلتورییە مەزنەوە بکات؟ سینەمای گەلێك لە نەتەوەکانی تر سەرەتا وەك بەشێك لە تەوژم و کاتاگۆری سینەمای سێیەم ناسران و دواتر لە تۆخبوونەوەی هێڵەکانی جوێبوونەوەی فۆرمی تایبەت و ستایلی کارکردندا توانیان شوناسێکی ڕاستەقینەی تایبەت بە خۆیانەوە هەنگاو بەرەو جیهانییبوون بنێن. نموونەی دیار و نزیکی ئەم پرۆسەیەش سینەمای ئێرانە کە ئیدی پێویستی بە هیچ جۆرە چەترێك نییە و خودی خۆی هەڵگری شوناسێکی دیارە، ئەوەتا فیلمەکانی (ئەسغەری فەرهادی) دوو خەڵاتی ئۆسکار دەبەنەوە کە جگە لە کیرۆساوای ژاپۆنی هیچ کەسێکی تر بەو پلەیە نەگەیشتووە.

## جیهانی سێیەم: سینەمای سێیەم

لە دوای جەنگی دووەمی جیهان دنیا بەسەر دوو جەمسەردا دابەش بوو کە بە بلۆکبەندیی خۆرئاوا یان کاپیتاڵیزم بە سەرۆکایەتی ئەمریکا و بلۆکبەندیی خۆرهەڵات یان سۆشیالیزم بە سەرۆکایەتی یەکێتیی سۆڤییەت ناسران. ئەو ململانێیەی کەوتە نێو ئەو دوو بەرەیەوە لە جەنگی کۆکردنەوەی زانیاری و شەڕی ڕاگەیاندن و کەلتوور بە جەنگی سارد ناوبرا. ئەو شەڕەی دنیای کردە دوو بەش ڕێی بۆ هاتنەناوەوەی زاراوەیەکی تریش خۆش کرد بە ناوی جیهانی سێیەم.

چەمکی جیهانی سێیەم؛ لە بنەڕەتدا چەمکێکی سیاسییە و بۆ پۆلێنکردنەکانی دوای جەنگی دووەمی جیهان دەگەڕێتەوە. یەکەم بەکارهێنانی زاراوەکە بۆ لێکۆڵیاری ئابوریی و سۆسیۆلۆجستی فەرەنسایی (ئەلفرێد سۆڤی:١٨٨٩-١٩٩٠ ) دەگەڕێتەوە. جیهانی سێیەم؛ بەو وڵاتانە دەگوترێت کە لە سەردەمی جەنگی سارددا بێ لایەن مانەوە. ئەو وڵاتانە لە فەرهەنگی هەندێک لە دەوڵەتاندا بە وڵاتانی پاشکەوتوو یان تازەپێشکەوتوو ناسراون و لە ١٢٠ وڵاتی ئەمریکای لاتین، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ئاسیا و ئەفریقا پێک دێن کە بنچینەی ئابووریان کشتوکاڵە و هەندێک خاڵی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە و دەشێت هەندێکیان بەم شێوەیە ڕیزبەند بکرێن:

هەژاریی و کەمیی داهاتی ساڵانەی تاک، بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواری بە شێوەیەکی گشتی و لە گوندەکاندا بە تایبەتی، زۆری دانیشتووان و

کۆنترۆڵنەکردنی جۆرەکان و ڕەگەز. نەبوون یان کەمیی سەرچاوەکانی وزە. نەبوونی خزمەتگوزارییەکان و کۆچی بەردەوام لە گوندەوە بۆ شارەکان. بڵاوبوونەوەی بێکاریی و سەرگەردانبوونی بەشی زۆری لاوەکان، نەبوونی بوار بۆ ئازادیی تاک و ڕای سەربەست و غیابی چەمکی دیموکراسی.

بە دڵنیایی ئەم فاکتەرە گشتییانە کۆمەڵگایەکی تایبەت بە خۆیان پێک دەهێنن کە زۆرینەی ئەو چەمکانەی پێ نامۆیە کە کۆمەڵگا دیموکراسییەکانی لەسەر بنیات نراون و بەردەوام ئازادییەکان تێیدا لە بەردەم مەترسیدایە و فەزایەکی بە پیتی بەرهەمهێنانی زەینی خورافی پشتبەستوو بە غەیبانیەتە، بۆیە بزواندنی چەقبەستویی ئەم جۆر و کۆمەڵانە خۆی لە خۆیدا گیانبازییەکی گەورەیە.

سینەمای سێیەم، پرۆژەیەکی سینەمایی ئیستاتیکی و سیاسییە، پرنسیپەکانی لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین و ئەفریقا و ئاسیاوە سەرچاوە دەگرێت. (ساڵی ١٩٦٩ هەردوو دەرهێنەری ئەرجەنتینی فێرناندۆ سۆلاناس و ئۆکتایۆ جیتینۆ مانیفێستێکیان بڵاو کردەوە بەناوی "بەرەو سینەمای سێیەم"، ئامانجی ئەم چالاکییەیان وا ناساند کە "بەرهەمهێنانی سینەمایەکە ڕۆبچێتە نێو ژیان و خەباتی گەلانی جیهانی سێیەمەوە".( Siljak, s :٢٠١٤: ١٦) .

پاشان هەوڵەکانی گرووپێک لە سینەماکارانی کۆتایی شەستەکان و هەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستی پێکرد و خولیای هێنانەئارای سینەمایەکی تایبەتمەند کە ئاریشەکانی کەلتووری دوای کۆلۆنیالیزم بەرجەستە بکات کرایە ئامانج. ئەگەر سینەمای یەکەم بە بەرهەمەکانی هۆلیوود بوترێت و سینەمای دووەم سینەمای بەرهەمهێنراوی ئیستاتیکیانەی ئەوروپا بێت، ئەوا سینەمای سێیەم ئەو جۆرەیە لە بەرهەم کە بە چەمکەکانی شۆڕش و سیاسەتەوە خەریکە و بەرانبەرێ لەگەڵ ئەو بەشەی سینەمای یەکەمدا دەکات کە بە سینەمای بازرگانی ناودەبرێت. لەبەر ئەوەی ڕۆژگاری پەیدابوونی هاوزەمانی خەباتی گەلانی داگیرکراو بووە لە پێناو بەدەستهێنانی ئازادی، هەر لەو سەرەتایانەوە شانبەشانی چەمکەکانی شۆڕش و دەربازبوون لە کۆلۆنیالیزم کاری کردووە. ئەم ستایلە بۆ گەلێك ئامانجی جۆراوجۆر هاتۆتە کایەوە بەڵام وەك مایکل وەیەن دەڵێت "ئامانجی سەرەکیی سینەمای سێیەم، بەئاگاهێنانەوەی بینەر و خستنە نێو قاڵبێکی سیاسیەوەیە تا هانبدرێت بۆ بەرپاکردنی شۆڕشێك کە گەلانی داگیرکراو ڕزگار بکات". (Wayne: ٢٠٠٢:٢١٨).

مامەڵەکردن لەگەڵ چەمکی سینەمای سێیەمدا لە نێو دینای ڕەخنەی سینەمادا چەند دیدێکی جیاوازی لێکەوتەوە و ڕەخنەگران لە هەندێك دۆخدا بە پێی ئاراستەی ئەو گەلانەی فیلمەکانیان دەچێتە نێو ئەم کاتاگۆرییەوە ڕیزبەندییان دەکەن و هاوکات گونجاندنیشیان لەگەڵ سەردەمە جیاوازەکانی بەرهەمهێناندا جۆرێکی تر لە پۆلێنکاری هێناوەتە کایەوە؛ چونکە "ئێستا لەو وڵاتانەی جیهانی سێیەم کە هێشتا شەڕی مێژوو یان دەربارەی مێژوو لە توندبوونەوەدایە، درووشمی سینەما وەك چەك هێشتا بە بڵندی ماوەتەوە" (٨ : ١٩٨٦)Gabriel :.

بۆ نموونەی ئەم جۆرە لە کارکردن دەتوانین ئاماژە بە سینەمای فەلەستین، سلفادۆر، هەروەها کوردیش بدەین. ئەم جۆرە لە سینەما کە هەندێك جار بۆ کردنەوەی پەنجەرەیەك بەڕوی دنیادا توانا و وزەیەکی ئێجگار گەورە دەخرێتە گەڕ، چونکە سانا نییە هەروا بەبێ جیاوازییەکی گەورە لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا بتوانی سەرنجی دنیا بۆ خۆت بەری، بۆیە ئەم جۆرە لە سینەما "شۆڕشگێڕیی فیلمەکانیان بە تەنها لەو ناوەڕۆکە سیاسییەدا نەبوو کە بنیاتیان ناوەوە و پەرەی پێ دەدەن، بەڵکو لە مامەڵە لەگەڵ فۆرمیشدا هەمان کاریان کردوە" (Gabriel :١٩٨٦ :٩).

بەوپێیە مامەڵەکردنی سینەمای سێیەم بە تەنها کارکردن لەسەر ناوەڕۆك نەبووە، بەڵکو هەوڵی داوە فۆرمی جیاواز تاقی بکاتەوە تا بتوانێ لەو ڕێگەیەشەوە هێڵەکانی جیاوازبوون لەگەڵ دوو جۆرە باوەکەی سینەما تۆختر بکاتەوە. لە بەرامبەر ئەوەشدا لەو بەشانەی تری دنیا کە جەنگی مێژوو کۆتایی هاتووەوە خەبات لە دژی داگیرکاری چۆتە کایەیەکی ترەوە تەوژمێکی تر لەئارادایە بۆ داکۆکییکردن لە مانەوەی کەلتووری گەلان.

هەڵبەتە لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە، ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی ڕووی لە دنیا کرد و بە تەواوی لە دوای پرۆژەی بیرۆسترۆیکای میخائیل گورباچۆف کە سەرەکییترین و دیارترین ئاکامی لە بەریەکهەڵوەشانی یەکێتیی سۆڤێت و هەرەسی بلۆکبەندی خۆرهەڵات و سەرهەڵدانەوەی چەمکی نەتەوە بوو، ئیدی ئاراستەکانی ئەم تەوژمەش بەرەو ئاقاری تر هەنگاویان نا کە دەشێت لەم خاڵانەدا کورت بکرێنەوە:

١. لەگەڵ خەفەبوونی چەمکە شۆڕشگێڕییەکان ئاراستەی گۆڕرا بۆ گوزارشتکردن لە و لەمپەرانەی دێنە بەردەم پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەکان.

٢. بووە فاکتەری گوزارشتی سیاسی و کەلتووری بۆ نەتەوە جیاوازەکان.

٣. فیلمسازان ناچار بوون لە گۆشە نیگای جیاوازەوە گوزارشت بکەن ئەمەش بووە هۆی ڕەنگاوڕەنگی ئەو شێوازە لە سینەما.

٤. ئاراستەیەکی لەنێودا دروست بوو بە ئامانجی هۆشیارکردنەوەی ئەوانەی پێویستیان بە خەباتی بەردەوامە بۆ ڕزگاربوون لە جەور و ستەم.

٥. هەوڵێک بۆ بەرچاوخستنی ئەو مرۆڤانەی بەدرێژایی مێژوو ڕۆڵی تەماشاکەریان پێ بەخشراوە.

٦. دۆخە قەیراناوییەکانی هەستکردن بە دونییەتی کاراکتەری ئەو دنیایە دەخاتە ڕوو کە لە هەندێک ساتدا هاوشێوەی مرۆڤی پووچگەرایە.

ئەم شێوازە لە سینەما دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساوە ببێتە جێی سەرنجی ڕەخنەگرانی سینەما لە دنیادا و زۆریان بە شوێن خەسڵەت و نهێنییەکانی ئەم ستایڵەوەن و بەرهەمهێنەرانیشی بە نیگایەکی جیاوازترەوە لە مەزنە فێستیڤاڵ و بۆنە سینەماییەکاندا پێشوازیان لێ دەکرێت. هەڵبەت دەرهێنەرانی بەشدار لە بنیاتنانی ئەم ڕەوتەی سینەما ناکامانە بەرەو ڕووی دیاردەیەکی وا گرنگ هەنگاویان نەناوە و گەلێک ورد و مەبەستەگەرا بۆ برە ئامانجێک کاریان کردووە کە دەشێت بەشێکیان بەم شێوەیە ڕیزبەند بکرێن:

- دۆکیومێنتکردنەوەی ژیان بە کێشە ورد و درشتەکانییەوە و هەوڵدان بۆ جێگیرکردنی چەمکەکانی ئازادیی و کارکردن لەدژی کەلتووری کۆلۆنیاڵیزم.

- هەموو جۆرە چیرۆکێک نمایش دەکات بە بێ گەڕان بۆ قەبارە و پانتایی گەورە.

- سەرقاڵی پرسی شوناس و دۆزی جیاوازیی ئەو گرووپانەن کە لە نیشتمانی ڕاستەقینەی خۆیان دوورخراونەتەوە بە هەرهۆیەک بێت و هەوڵدان بۆ ڕێگریکردن لە چەوسانەوە ئیدی بە هۆی ڕەگەز، نەژاد، ڕەنگ، ئایین، یان بیروباوەڕەوە بێت.

- کار لەسەر هێنانەئارای دیالۆگێک دەکات بۆ ڕکابەری دیدی پێشوەخت لە سەر ڕابردوو و دۆزینەوەی بوارێک لە ئێستادا بۆ نمایش کردنی کەلتووری زیندووی گەلان.

- کارکردن بۆ پشتیوانییکردنی خەباتی نهێنی ژنان لە نێو ئەو کۆمەڵانەی چەوسانەوەیان لە ئاستەکانی سەرەوەدایە.

- پشتیوانییکردنی کێشەی ڕەوای نەتەوە چەوساوەکان و کەمایەتییەکان.

- سینەمای سێیەم بینەر دەخاتە بەردەم تەماشاکردنی ئەوەی نەداریی و چەوسانەوە چۆن لەنێو ژیاندا بەرجەستەن نەک چۆن ئەندێشە دەکرێن.

- مەوداکانی نێوان ڕوناکبیرانی دەستەبژێر و خەڵکی گشتیی کورت دەکاتەوە لە ڕێی گەیاندنی هۆشیاریی و ڕەخساندنی بواری دیالۆگەوە.

- سینەمای سێیەم هەوڵ بۆ جارێکی تر بەکەلتووریکردنی نەتەوەکان دەدات بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی خستنە سەر کەڵکەڵەی تاقیکردنەوەی ئەگەری نوێ و دۆزینەوەی هەلی جیاواز.

- سینەمای سێیەم جۆرێکی ترە لە گوزارشت لە کەلتووری ڕاستەقینەی وڵاتانی سێیەم و پرسە کەلتووریی و سیاسییەکانی تاکی ئەو کۆمەڵە.

لەلایەکی دییەوە ئەم تەوژمە کار لەسەر کۆیادەوەری ئەو گەلانە دەکات و هەوڵ دەدات بە زیندوویی بیانهێڵێتەوە، ئەو کارەی بەر لە سینەما ئەدەب بە شێوەیەکی دیار خۆی بۆ تەرخان کردبوو. لێرەدا دەتوانین ئاماژە بەو جۆرە کارکردنە بدەین کە (گابریل گاریسیا مارکیز) بۆ کۆلۆمبیا و کارلۆس فیۆنتیس بۆ مەکسیکیان کرد. لەدوای ئەم پرۆسەیەوە و بە پێی گەشەکردنە خێراکانی بواری بەرهەمهێنانی سینەمایی و بچووکبوونەوەی ئامێرەکان و ساناتر کارکردنیان، سینەما و ئەدەب شانبەشانی یەکدیی کاریان لەسەر بە زیندوویی هێشتنەوەی کەلتوور کرد وەك پایەیەکی پتەوی شوناس.

## گەشەسەندنی سینەمای سێیەم:

بە گشتی هونەری سینەما گەلێک پێشکەوتنی بەخۆوە بینی و گەیشتە ئەو ئاستەی وەک هۆکارێکی گوزارشتی سەرەکی و ڕاستەقینە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بەدڵنیایی ئەو گۆڕانە بۆ هەموو جومگەکانی ئەو هونەرە و بۆ هەموو ستایلەکانی کارکردن کاریگەریی دەبێت. سینەمای سێیەمیش وەک فاکتەری گوزارشتی ئەو نەتەوانەی بە بەردەوام تەماشای دنیا دەکەن، بە توندیی بەر ئەو کاریگەرییە دەکەوێت و هەوڵی جیاوازی فیلمسازانیش لەم گۆڕانکارییەدا دەبینرێت. لێرەوە ئاراستەی تری کارکردن دێتە کایەوە، بەشێك لە فیلمسازان دەبنە بەرگریکاری کەلتووری باوی نەتەوەکانیان بۆ داکۆکییکردن لە مافە کەلتوورییەکان، "فیلمسازانی پێشکەوتنخواز لە جیهانی سێیەمدا دڵبەندیی خۆیان بۆ ڕۆڵیان لە داکۆکییکردن لە گوزارشتە میللیەکان دەردەبڕی، نموونەی فیرناندۆ بێری ئەرجەنتینی و ئۆکتاڤیۆ گۆمێزی کوبی، کە سینەماییانە هەستەوەری خۆیان بۆ کەلتووری میللی پیشان دا". (Gabriel :١٩٨٦:١٨).

بەو شێوەیە کاری فیلمساز لەو دنیایەدا گۆڕا و ئیدی سینەما دەتوانێت بەرەو ئاقارێکی تر بڕوات و شوێنی تر بۆ گوزارشت و کارکردن بدۆزێتەوە، چونکە لە سەردەمی گڵۆبالیزەیشن و دوای گڵۆبالیزەیشنیشدا هێشتا لە جیهانی سێیەم ژمارەیەك کێشە ماون کە مامەڵەی درووستیان لەگەڵ نەکراوە. هێشتا ئەو کۆمەڵانە لەژێر شۆکی کۆڵۆنیالیزم و لێکەوتەوەکانیدا دەژین و ڕزگاریان نەبووە، بۆیە دەبوو دیدێکی سینەمایی جیاواز گەشەبکات، فیلمی وا بەرهەمبهێنرێت کە بەشداری پرۆسەی ڕزگاربوونی ئەو گەلانە بکات لەو هەژموونە زۆرەی کۆڵۆنیالیزم، دەبوو "ئەو فیلمانە کۆتایی بە داگیرکاریی عەقڵی ئەو میللەتانە بهێنن تا بتوانن هۆشیارییەکی ڕادیکاڵ گەشە پێ بدەن کە دەتوانێت گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی بەرپا بکات". (Guneratne, ٢٠٠٣: ١١). واتە سینەما لێرەوە ئەرکێکی تر دەکەوێتە ئەستۆی کە ئەرکی بەشدارییکردنە لە بونیاتنانی هۆشیارییەکی گشتییدا. هۆشیارییەك کە دەتوانێت ڕۆڵی کاریگەر لە هەر گۆڕانکارییەکدا ببینێت کە کۆمەڵە مرۆییەکان بە خۆیانەوە دەیبینن. ئەم هەوڵانە لە زۆرێك لە وڵاتانی جیهانی سێیەم دەستی پێکرد و هۆشیاریی تاك، گەر لەسەر ئاستی دەستبژێریش بوو، گەیشتە شوێنێك کە بازنەی مامەڵەکردنەکەی فراوان کرد و ئاکامەکانیشی لە سەر ڕەوتی فیلمسازی بەم شێوەیە بوو:

١. پەیدابوونی دەرهێنەرانی لێهاتوو و گەشەکردنی ستایڵەکانی بەرهەمهێنان وەك دوو فاکتەری گرنگی گەشەسەندنی ئەم جۆرە لە سینەما ئاشکراتر دەرکەوتن. هەرچەندە سینەمای ژاپۆن بە ناوبانگی گەورە دەرهێنەر کیرۆساوا لە بلندییدا بوو، بەڵام هەنگاوەکانی دواتر زیاتر ئەو ستایلی کارکردنەی ناساند و کارەکانی (ئۆزۆ)ش وەك شوناسێکی تری کەلتووری بۆ دنیای خۆرهەڵاتی ئاسیا هاتە ئاراوە.

٢. گەشەسەندنی سینەمای ئێران بە پەیدابوونی شەپۆلی نوێ لەسەر دەستی سوهراب شەهید سالس و دواتر پەرەپێدانی ئەو ستایلە وپەیدا بوونی دەرهێنەرانی وەک عەباسی کیارۆستامی، موحسینی مەخمەڵباف، داریوش میهرجویی، مەجید مەجیدی، جەعفەر پەناهی، ڕەخشان بەنی ئیعتماد، ئەسغەر فەرهادی و بەهمەن قوبادی...

٣. گەشەی سینەمای کۆریا و پەیدابوونی دەرهێنەرانی لێهاتوو لە نموونەی کیم کی دوک، بۆنگ جوون هو و کیم جی وون؛ کە لەفێستڤاڵە نێودەوڵەتییەکاندا پێشبڕکێی ناوە گەورەکان دەکەن.

٤. گەشەی سینەمای ئەمریکای لاتین، بە تایبەتی لە کووبا و بەرازیل و گەیشتنی فیلمەکانیان بە فێستیڤاڵە جیهانییەکان و بردنەوەی ئەو خەڵاتانەی دیدی مرۆییانە درووشمی سەرەکییانە.

٥. گۆڕانی ئاراستەی کارکردنی سینەمای هیندیی و پەیدابوونی دەرهێنەرانی ئاراستە جیاواز لە نموونەی: ساتینج ڕای و لەم دواییانەشدا کاران جۆهەر و هاتنەئارای ژمارەیەك دەرهێنەری لاو کە بە ئاراستەیەکی جیاواز لە سینەمای بۆلیود کار دەکەن.

٦. گەشەسەندنی سینەمای ئەفریقا و شێوازەکانی گوزارشت لەو کیشوەرە بەتایبەتی لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە فیلمەکانی (Jamie Uys)ی فیلمسازی ئەفریقای باشوور و عوسمان سمبین-ی سەنیگالی و سلێمان سیزی-ی مالی بکەین.

بەمجۆرە دەبینین سینەمای سێیەم بە تەنها ستایلێکی کارکردن نییە، بەڵکو هەڵگری پەیام و گوتارێکی تایبەتە و هۆکارێکی گرنگ و تەواوی گوزارشتە، کە لە چیرۆکەکانی ژیانەوە سەرچاوە دەگرێت و ئەو نەتەوانە خاوەنین کە پێشتر لەسەر نەخشەی ململانێ سیاسییەکان جێگەیەکی ئەوتۆیان نەبووە. ئەو فیلمانەی دەکرێت وەک نموونەی ئەم جۆرە لە سینەما تەماشا بکرێن:

- فیلمی "I am Cuba" دەرهێنەر میخائیل کالاتۆزۆڤ.
- فیلمی "City of God"ی دەرهێنەران فێرناندۆ میریلێس و کاتیا لوند.
- فیلمی "Memories of Murder"ی بۆنگ جوون هو.
- فیلمی "Autumn, summer, winter and spring"ی کیم کی دوک.
- فیلمەکانی: باران، منداڵانی ئاسمان و ڕەنگی خودا-ی مەجید مەجیدی.
- تامی گێلاس، ئەگەر با لەگەڵ خۆی بمانبات-ی عەباسی کیارۆستەمی.
- بێدەنگی و قەندەهار-ی موحسین مەخمەڵباف.
- ساتێک بۆ مەستیی ئەسپەکان، کیسەڵەکانیش دەفڕن و نیوەمانگ-ی بەهمەنی قوبادی.

-تەختەڕەش و سەعات پێنجی عەسر-ی سەمیرە مەخمەڵباف.

- ئوسامە-ی سدیق بەرمەک کە بەرهەمی وڵاتی ئەفغانستانە.

- لۆمۆمبا-ی دەرهێنەر ڕائول پیک. تۆوباب بی-ی دەرهێنەر سۆریبا سامب، ئەبوونا و پیاوێک هاوار دەکات-ی محەممەد ساڵح هاروون-ی چادیی، کە نموونەی سینەمای وڵاتانی ئەفریقان.

- دواجاریش گەیشتنی سینەمای ئێران لە ڕێی ئەسغەر فەرهادی-یەوە بە ئۆسکار و چنینەوەی دووجاری خەڵاتی ئۆسکار؛ بە سانایی ئەوە دەسەلمێنن کە تەوژمەکە گەیشتۆتە ئاستی ڕکابەرییەکی بەهێز و زۆرێك لە سینەمای گەلانی تری تێپەڕاند.

هەڵبەتە کە دێینە سەر چوارچێوەیەکی دیاریکراو بۆ ئەم تەوژمە لە فیلم ئاستەمە بۆمان دەستنیشان بکرێت بەتایبەتی لە ڕوی فۆرمی سینەماوە. ڕاستە هەوڵەکانیان بۆ هێنانەکایەی فۆرم هەمان هەناسەی شۆڕشگێری تێدا بوو، بەڵام لە ئاکامدا چوونیەك نەبوون. هەر هەنگاوێکی نوێ بۆ نێو ئەو تەوژمە و پەیدابوونی فۆرمێکی نوێی سینەمایی سەرلەنوێ شوناسی ئەو تەوژمە لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە دەخاتەوە ژێر پرسیار، چونکە تەوژمێك نییە بۆ ڕۆژگارێکی دیاریکراو درووست بوبێت و وەك پێشتریش ئاماژەی پێ درا لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا ئاراستەکانی خۆی دەگۆڕێت.

## فیلمی کوردیی و قەیرانی شوناس:

گەر لە ڕەگ و ڕیشەی قوڵی نەبوونی شوناسی نەتەوەیی کوردی بەو مانا فراوانە بگەڕێین؛ دەبێت پەنا بۆ هەندێك تێزی سیاسی بەرین کە دەتوانێت لەسەر ئاستێکی فراوان دنیامان بۆ بخوێنێتەوە، تا لەوێوە هەنگاو بەرەو مەبەستە سەرەکییەکەی خۆمان بنێین. سەرنجدان لە تێزەکانی د. سەمیر ئەمین دەربارەی دابەشبوونی دنیا بۆ چەق و کەنار و پەراوێز، ڕەنگە ڕێگای ناسینی دۆخی ونبوونی شوناسی کوردییمان بۆ کورت بکاتەوە و بەرچاوڕوونمان بکات تا دروستتر گەڕانی خۆمان بکەین.

سەمیر ئەمین باوەڕی وایە هەموو سیستمێك (ناوەند) و (کەنار)ی هەیە، هەموو گۆڕانکاریی و نوێبوونەوەیەك لە کەناردا ڕوو دەدات، چونکە ناوەند خۆی ئەوەندە جووڵەی ناوەکی هەیە کە بتوانێ بە سەر کێشەکانی خۆیدا زاڵ ببێت گەر لەسەر حسابی ئەوانی تریش بێت. ئەو توانایەی لە ڕێی دەسبەسەراگرتنی سەرچاوەکانی ژیان و بردنی بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بە دەستی هێناوە؛ توانستی ئەوەشی پێ بەخشیوە کە لەگەڵ چینە هەژارەکانی خۆیدا لە سازشدا بێت، هەڵبەتە ئەوان بە جۆرێك لە جۆرەکان سوود لەو سیستمە دەبینن و هەوڵی گۆڕینی نادەن تا ئەو داهاتەی لە کەنارەوە دێت بەشی ئەوانیشی تێدا بێت.

وێنەی دیاری (ناوەند)ی بە تەواوی بەرجەستەبوو خۆی لەو وڵاتانەدا دەبینێتەوە کە هێزێکی ئابووری مەزنیان هەیە و هەر ئەوەش هێزێکی سەربازیی زەبەلاحیان پێ دەبەخشێ و تەواوی سەرچاوەکانی ژیان کۆنترۆڵ دەکەن. لە بەرامبەردا کەنار بەبەردەوام لە گۆڕانکارییدایە. ئەوە گەلانی کەنارن کە بەو ژیانەی هەیانە ڕازی نین و تەواوی داهات و سامانیان بە تاڵان دەبرێت، بۆیە ئەوان لە جووڵەی بەردەوامدان بۆ هێنانەکایەی سیستمی جیاواز کە لانیکەمی ژیانیانی تێدا پارێزراو بێت. لە نێوەندە ئەکادیمیی و فیکرییەکانی دنیادا، شیکاریی زۆر بۆ پێگەی کەنار کراوە، کە ئاخۆ کام وڵاتانە دەگرێتەوە، چونکە ناوەند ساناتر دەستنیشان دەکرێت و دەناسرێتەوە، واتە شوناسێکی ئاشکراتری هەیە، بەڵام بۆ دەستنیشانکردنی کەنار لەمپەری زۆر دێتە پێشێ. بۆیە هەندێك وای لێك دەدەنەوە کە مەبەستی سەمیر ئەمین لە کەنار "ئەو وڵاتانە نییە کە کەمترین توانستی پەرەسەندن و کاریگەرییان هەیە لەسەر سیستمی جیهانی، ئەوانە بوونەتە پەراوێز یان لەو سیستمە چوونەتە دەرەوە". (نعمە :٢٠١٨:٧)

هەر لێرەوەیە سەمیر ئەمین زاراوەکانی جیهانی سێیەم بۆ وڵاتانی ئەمریکای لاتین و هیندستان و جیهانی چوارەم بۆ وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی بەکارهێنا. ڕەنگە ڕۆچوونە ناوەوەی زۆر لە نێو ئەو چەمکانەدا توشی ونبوون و گومڕاییمان بکات، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا، سەرەتا تەنها دابەشکاری ناوەند و کەنار وەك گریمانێك بۆ شیکاریی وەردەگرین.

بە گریمانی ئەوەی نەتەوە سەردەستەکانی کوردیان بەسەردا دابەشکراون (عەرەب و فارس و تورك) وەك گەلانی کەنار تەماشا بکەین، ئاخۆ پێگەی کورد لەو نێوەندەدا دەکەوێتە کوێوە؟. ئەگەر کەنار ڕاستەوخۆ لە پەیوەندیدا بێت لەگەڵ ناوەند و بتوانێ کاریگەریی لەسەر

هەبێت، ئاخۆ نەتەوەیەکی بندەست دەکەوێتە کوێی ئەو هاوکێشەیەوە. بە هەموو لێکدانەوەکان کورد دەبێتە کەنار بۆ نەتەوەی سەردەست کەخۆی کەنارە، کەواتە دەبێتە پەراوێز و بە خواستنی ئەو تێزەی د. سەمیر ئەمین دەتوانین بڵێین دەکەوێتە دەرەوەی سیستمی جیهانی. ئەمە حەقیقەتێکی تاڵە، بەڵگەش بۆ ئەوە ئەوەیە ئەو هەموو نەهامەتییەی بەسەری هات تا کۆڕەوی ١٩٩١ و بەشداریی کاریگەری میدیا لە گەیاندنی ئەو بە هەلاکچوونە بۆ ڕای گشتی ناوەند، هیچ وڵاتێکی دنیا لەسەری هەڵنەدایە. بۆیە هەرکات بیەوێت کاریگەریی هەبێت دەبێت تەنها لەڕێی نەتەوەی سەردەستەوە کاریگەریی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ناوەندا فەراهەم بکات. ئەم دۆخە وا دەکات کە کورد وەك نەتەوەیەکی بێدەوڵەت هیچ کات نەتوانێت تەنانەت پەیوەندییە کەلتورییەکانیشی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ناوەندا بەرجەستە بکات، بەمانایەکی دی ئەم دۆخە دەگوێزرێتەوە بۆ ناوەندی کەلتوور و هونەریش وەك پێگەیەکی گرنگ ناو کەلتووری ئەو نەتەوەیە لەو هەژموونە بەدەر نییە. بۆیە تا بەشداریکردنی فیلمە کوردییەکانیش لە فێستیڤاڵەکانی دنیادا دەبێت لەڕێی وڵاتانی سەردەستەوە بێت، نموونەی دیاری ئەوەش بەشدارییکردنی یەڵماز گۆنای لە فێستڤاڵە جیهانییەکان بە ناوی تورکیاوە و فیلمی (ساتێك بۆ مەستی ئەسپەکان)ی بەهمەن قوبادی بوو بە ناوی ئێرانەوە لە فێستڤاڵی کان-دا و چەندەها نموونەی تری لەو بابەتەش دووبارە بوونەتەوە. کەواتە سینەمای کورد، یان فیلمی کوردی هیچ کات بە شوناسە نەتەوەییەکەی خۆیەوە وەك سینەمای گەل یان نەتەوەیەك لە دنیادا نەناسراوە و هەردەم پاسپۆرتی وڵاتێکی دیکەی هەبووە. بۆیە تا هەنوکەش بەو جۆرە ماوەتەوە و نەیتوانیوە ئەو بەربەستە تێپەڕێنێ.

فیلمی کوردی کە لە زۆر تایبەتمەندییدا هەمان ئەو سیفەتانە هەڵدەگرێت کە سینەمای سێیەم هەیەتی و بە هەمان ئەو میکانیزمانەش ماوەیەکی زۆر کاری کردووە کە ئەو تەوژمە کاری پێ دەکات و لەسەر ئەو ڕێچکەیە ئەویش هەوڵی داوە چۆن ئەوان "پەیامی سیاسی لە بونیادێکی گێڕانەوەی کلاسیکیدا جێ دەکەنەوە و ئەو سیستمی ئاماژەیە بەکار دەهێنن کە بۆتە بەشێکی دانەبڕاو لەو زمانە هێماییەی سینەما هەیەتی" (Monaco:2007:17) ئەویش هەمان ستراتیجی کارکردن بەکاربهێنێ، بەڵکو دۆخی کوردی زۆر شیاوتریشە، چونکە هێشتا لە کێشەکانی ڕابردوودایە، هێشتا پابەندی چەردەیەك ڕووداوی نێو مێژووە و هەروا باسانایی لەو ئەرکە دەربازی نابێت. پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە داخۆ گەر بچێتە ژێر چەتری سینەمای سێیەمەوە دەتوانێ ئەو بەربەستانە لابدات و خۆی بە شوناسی ڕاستەقینەی خۆیەوە دوور لە ناوی دەوڵەتانی عێراق و ئێران سوریا و تورکیا پەیوەندیی خۆی لەگەڵ ناوەند پەرە پێ بدات؟

وەڵامی ئەم پرسیارە تا ئێستا ناتوانێت کۆنکرێتی بێت، چونکە لەمپەرە سیاسییەکان هێندە بەهێز بوون نەیانهێشتووە ئامبازی ئەودیو بێت. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك هەوڵ هەبووە بۆ بڕینی ئەو سنورە، ئەویش بە خواستی ئەو دەزگایانەی ناوەند کە لە دوای سەرهەڵدانی چەمکەکانی گڵۆباڵیزەیشن و بچووکبوونەوەی دنیا بۆ گوندێکی بچووك کەمێك ئاسانتر بوو. کەواتە شوناسی نەتەوەیی وەك شوناسێکی سیاسی کەمتر دەتوانێت کورد بگەیێنێتە ناوەندو پێگەکانی. کەواتە دوو ڕێگەی سەرەکی لەبەردەم ڕەخنەدا هەیە بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ فیلمی کوردی :

یەکەمیان: دەبێت ئەو چەمکەی حەمید دەباشی بۆ سینەمای فەلەستینی بەکاری دەهێنێ بەناوی (سینەمای نەتەوە یان گەلی بێدەوڵەت) وەربگرێت و ببێت بە بەشێك لە کاروانی گەلانی ستەملێکراوی خۆرهەڵات.

دووەم: گەڕانە بە شوێن پێگەیەکی دیاردا لە نێو سینەمای سێیەمدا، بەڵام لەجێی شوناسی سیاسی شوناسێکی کەلتووری هەڵبگرێت و بەو پۆلێنکارییانە قایل بێت کە شوناسی کەلتووری دەیسەپێنێت بە سەریدا. گەر بەو دیدەی محەممەد عابد ئەلجابری مامەڵە لەگەڵ چەمکی کەلتوور بکەین کە "ئەو پێکهاتە پێکەوە گونجاوە بێت لە یادەوەریی و دنیابینی و بەها و ڕەمز و گوزارشت و ئەفراندن و لە ئایندەڕوانینەی کە شوناسی ژیاری کۆمەڵێکی مرۆیی پێکەوە، کە نەتەوەیەك یان هەر شتێکی تر کە بەو مانایە بێت، لەچوارچێوەی پەرەسەندنی کردەی دینامیکی ناوخۆیی و توانستی بەردەوامی و دان و ستاندن دەپارێزێت"، ( الجابری :١٩٩٧: ١٤)؛ ئەوا بۆ نەتەوەیەکی وەك کورد دەشێت هەندێك باوەڕ و ئاینی کۆنیشی بخەینە سەر و بە مانایەك جۆرێك لە هێڵی تایبەتمەندیی و جیاکردنەوە بە کورد دەبەخشێت. هەر لەو سۆنگەیەوە پێناسەی دووەمی جابری بۆ ئەم نێوەندە بەکاربهێنین کە پێی وایە کەلتوور "گوزارشتی ڕەسەنە لە تایبەتمەندی مێژوویی نەتەوەیەك لە نەتەوەکان، گوزارشتە لە دیدی نەتەوە دەربارەی گەردوون و ژیان و مردن و مرۆڤ و ئەرك و توانا و سنوورەکانی و ئەوەی پێویستە بیکات وئەوەشی کە پێویستە نەیکات"، (الجابری: ١٩٩٧: ١٥)؛ ئەوا گریمانی بەشدارییکردنی بڕوا و ئاینەکان پێویستی بە گەڕان و سەلماندنی زیاتر نییە، چونکە

ئەوانیش دەچنە نێو ئەو پێناسەیەوە.

کەواتە گەر لە سەر لێکدانەوەکانی جابری بەردەوام بین دەزانین کە شوناسی کەلتووری لەسەر سێ ئاستی جیاواز کار دەکات، شوناسی تاك و شوناسی کۆمەڵیی و شوناسی نیشتمانی یان نەتەوەیی. تاك لە نێوان ئەوانی تردا و کۆمەڵەیەکی مرۆیی لەبەرامبەر کۆمەڵەکانی تردا وەك خێڵ یان کەمایەتی ئایینی و دواتر نەتەوە لەبەردەم نەتەوەکانی تردا. پەیوەندی لە نێوان ئەم سێ جۆرەدا جێگیر و وەستاو نییە و بەپێی دۆخ و جۆری ململانێکان لە گۆڕاندایە.

بەشێکی تر لە تێزەکانی جابری بۆ دۆخی کوردی لە مەسەلەکانی شوناسی کەلتووریدا بێ ئومێدکەرە، لەو کۆسێپتانەدا کە جابری وا دەبینێ "شوناسی کەلتووری تەواو نابێت و تایبەتمەندیی ژیاریی دەرناکەوێت و نابێتە شوناسێك کە داوا لە جیهان بکات دان و ستاندنی لەگەڵ بکەن، تا ژێدەری لە قەوارەیەکی ئاشکرادا دەرنەکەوێت کە ئەم سێ ڕەگەزەی تێدا بێت: نیشتمان و نەتەوەو دەوڵەت". ( الجابری :١٩٩٧: ١٥(.

گەر نیشتمان: سەرزەمینی نیشتەجێبوونی نەتەوە بێت، کورد لەمێژە خاوەنیەتی، نەتەوەش بە هەموو پێودانگەکان ئامادەیی هەیە، بەڵام دەوڵەت کە بەرجەستەی یاسایی قەوارەی نەتەوە و نیشتمان بێت بە مانا جابرییەکەی کە "قەوارەیەك یەکێتیی نیشتمان و نەتەوە بەرجەستە دەکات"؛ (الجابری :١٩٩٧: ١٦)، نەك سیستمێکی سیاسی کە دەسەڵات پیادە دەکات و حکومڕانی ئەو کۆمەڵە مرۆییە دەکات. بەم شێوەیە کورد لایەکی سێکوچکەکەی کەمە و دەبێت هەوڵی مەزنتر بخاتە گەڕ تا بتوانێت بەو شوناسەوە پێ بخاتە نێو دنیای ئەوانی ترەوە. دنیایەک کە بە زنجیرەیەک تێڕی گەورە دەورە دراوە و دەیەوێت هەژموونی خۆی بەسەر دنیای ئەوانی تریشدا بسەپێنێت. خۆرئاوا بە هاندانی ئەوانی تر بۆ چوونە ژێر چەمکی ئەو تێرمانەوە کە داهێنراوی خۆین بەبەردەوام لە هەوڵی سڕینەوە و کاڵکردنەوەی شوناسە لۆکاڵیەکاندایە بۆ نموونە کە جیهانگیری دێنێتە گۆڕێ، بە جیهانیبوون "دەبێتە پاشکۆیەتی زیاتری کەنارەکان بۆ سەنتەر، یەکگرتن و کۆکردنەوەی هێزەکانی سەنتەر و لەبەرامبەر ئەوەشدا هەڵوەشاندنەوەی هێزەکانی کەنار، لەنێو ئەوانیشدا دەوڵەتی نیشتمانی" (الجابری :١٩٩٧: ١٦).

لەگەڵ ئەوەی ئەم ڕەهەندە سیاسییە بە جیهانیبوونی وەک فاکتەرێکی دەستی خۆرئاوا وەک وەک سەنتەر لە بەرامبەر کەناردا پێناسە کردووە؛ لە لایەکی ترەوە و لە نێوەندە ڕەخنەییەکانی میدیا و سینەمادا ئارگومێنتێکی جیاواز لە دۆخی گڵۆباڵیزەیشن و پێشکەوتنە گەورەکانی تەکنەلۆجیادا دەربارەی سینەما وەك هەڵگری شوناسی کەلتووری نەتەوە و گەلان هاتە کایەوە. زۆرێك لە بیریارانی ئەم بوارە وا دەبینن کە سینەما دەتوانێ دۆخێکی جیاواز لە دنیای ئەمڕۆدا بهێنێتە کایەوە، چونکە فیلم کار لەسەر جۆرە شوناسێکی تر دەکات کە سنوور تێدەپەڕێنێت و بە تێرمی (Transnational) مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. (Ezra and Rowden 2006, Higbee 2007). ئەو تێرمە کە زادەی سەردەمی نوێیە و لە نێوەندە ڕەخنەییەکاندا شیکاری زۆری لەسەر بونیات دەنرێت. هەرچەندە بەر لە داهێنانی ئەو تێرمە ژمارەیەکی تر ناولێنان هەبوون بەڵام دواجار ترانسناشناڵ زۆرینەیانی لەخۆی گرت.

گەر بە وردیی و سەرنجەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم تێرمە نەکەین ڕەنگە بێمانا و ناجۆر دەربکەوێت، بۆیە بەر لە هەموو شتەکان پێویستمان بە پێناسەیەکە لە نیگەرانیی دەربازمان بکات. گەر بەو مانایە کار بکەین کە ترانسناشناڵ "وردەکارییەکانی هەر فیلمێك لە خۆ دەگرێت: کێ فەندی کردووە، کێ درووستی کردووە. مامەڵە لەگەڵ چ بابەتێك دەکات (ترانسناشناڵ یان بە شتێکی جیاواز) چۆن نمایش کراوە، چۆن لە کۆنتێکستی ڕوناکبیریی و بازرگانیی جیاوازدا وەرگیراوە"..( William: 2009 :18)

بەشێکی تر لە ڕەخنەگران پێیان وایە ناکرێت ئەو پێودانگە بە تەنها بۆ ناسینەوەی فیلمێك بەکاربهێنرێت (Mette Hjort: 2007)، چونکە لە دنیای ئەمڕۆدا زۆر فیلمساز لە وڵاتانی خۆیان بودجەی دروستکردنی فیلمیان دەست ناکەوێت و ناچار پەنا بۆ کۆمپانیای بەرهەمهێن و دەزگا کەلتوورییەکانی دەرەوە دەبەن و مەرج نییە فیلمەکایان شوناسی ترانسناشناڵ هەڵبگرێت، لە فیلمسازی کوردیدا نموونەی (بەهمەن قوبادی و شەوکەت ئەمین) هەن، کە بۆ چەند پرۆژەیەکی جیاواز لەدەرەوەی زێدی خۆیان بودجەی فیلمەکانیان یان بەشێک لە بودجەکەیان پەیدا کردووە.

هەڵبەتە ئەو چەمکە بەدەر نییە لەوەی ڕێگە بدات بە هەر فیلمێك کە خواستە نیشتمانیی و کەلتووریی و مرۆییەکانی خۆی بە تایبەتی بپارێزێت و ئەو بابەتە هەڵبژێرێت کە خۆی دەیەوێت دەربارەی کار بکات. لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بدەین کە لەسەرەتاوە ئەم تێرمە بۆ ئەو فیلمانە

بەکارهات کە لە تاراوگە لە لایەن پەنابەرانەوە بەرهەم دەهێنران و مەبەستیان بڕینی سنوورەکان و کەمکردنەوەی هەژموونی ئیرۆسەنتەریزم بوو لەسەر شوناسی کەلتووری نیشتمانی. هەر لەوە سەرەتایەوە هەردوو تیۆرسن (Marks Laura: 2000) و (Naficy Hamid: 2001)؛ کاریان لەسەر ئەم چەمکە کرد بە تایبەتی نێوەندی کارکردنی فیلمسازانی تاراوگەنشین و تێرمی ترانسکەڵچەریان بە لاوە پەسەندتر بوو. دەشێت هەندێك کاری فیلمسازانی کوردیش بچنە ژێر ئەم چەمکەوە لە نموونەی کارەکانی هونەر سەلیم، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگی بۆ ئەم توێژینەوەیە هەیە ئەوەیە تا چەند ئەم چەمکانە سوود بە دیاریکردنی شوناسێك بۆ سینەمای کورد، یان بە واتایەکی تر دەروازەیەك بۆ گەیشتن بە ئەوانی تر لەبەردەم کورددا دەڕەخسێنن؟

هەڵبەتە کردنەوەی دەرگا گەورەکانی دنیا بەڕووی فیلمسازی کورددا لەڕێی کۆمپانیا مەزنەکانی بەرهەمهێنانی فیلمەوە کارێکی حاشاهەڵنەگرەوە کەمترین شارەزایی لە بواری سینەمادا بەسە بۆ ئەوەی لەوە تێبگەین هەژموونی ئەو کۆمپانیا مەزنانە تەنانەت لەسەر بەخشینی خەڵات و شێوازی بەشداریی لە فێستیڤاڵە گەورەکانیشدا شاراوە نییە. کەواتە کەی ئەو کۆمپانیایانە دەرفەت لە بەردەم فیلمسازی کورددا دەکەنەوە تا لەڕێی بەرهەمێکی ترانسکەڵچەر یان ترانسناشناڵەوە بگەنە ئەوانی تر؟ بە دڵنیایی کواڵتی بەرهەمهێنان و سەرنجڕاکێشی گێڕانەوە و توانستی ئەفراندن و گەیشتن بە دەروون و هۆشی بینەر بەشێکن لەو بنەمایانەی هەلی لەو جۆرە دەڕەخسێنن، بێگومان دەبێت ئاماژە بە پەیوەندی کەسەکان و توانای تێکەڵاو بوون و توانستی بەبازارکردنی توانا خۆماڵییەکانیش بدەین، کە ئەوانیش لەم پرۆسەیەدا ڕۆڵیان کەم نییە و پێداویستییەکی حەتمین.

ئەگەر فیلمێکی کوردی توانی ستانداردی جیهانی خۆی لە ڕووی کواڵتیەوە هێند بەرزبکاتەوە کە وەك بەرهەمێکی ترانسناشناڵ لەدەرگای نێوەندەکانی ناوەند بدات، ئەوا لەم سەردەمە نوێیەدا کرانەوەی دەروازەکان ئەستەم نیین، چونکە "ئەو ناوچانەی پێشتر وەك کەنار تەماشا دەکران؛ ئێستا وەك بەشێکی دانەبڕاو لە مێژووی پەرەسەندنی سینەما تەماشا دەکرێن"، (Newman, K :2010: 10). ئەم ڕوانینە بە هەموو شێوەیەك لە ڕاژەی ئەو بەرهەمانەدایە کە فیلمسازانی کورد دەتوانن بەرهەمی بهێنن و خۆیان لە تەوق ئەو شوناسە ڕزگار بکەن کە بۆتە جۆرێك لە کابووس و تێیان ئاڵاوە.

هەڵبەتە ئەو گریمانە پشتئەستورە بەو تێزانەی لە ئەمڕۆدا ئارگومێنتی مەبەستگەرایان هێناوەتە کایەوە و وا دەبینین کە دنیای سەنتەریزمی خۆرئاوا بەهۆی چەمکە نوێیەکانی گڵۆبالیزەیشن و ترانسکەڵچەر و ترانسناشناڵەوە کەوتۆتە ژێر پرسیارەوە و قسە لەسەر پەیوەندییە نوێیەکان دەکەن لەسەر بنەمای خودێتی ناسەنترالی و سەرمایەداری ناسەنترالی (decentered subjectivity and decentered capitalism)، بۆیە کاتێك فیلمیش دەچێتە نێو ئەو کایەیەوە دەتوانێت جۆرێك لە دۆخی تایبەتی بۆ خۆی چێ بکات. بە واتایەکی تر "شیکارییەکانی سیاسەتی سینەما وا دەبینێت کە ئەگەری هاوکاتبوونی فرەپێوانەیی جیۆپۆلەتیکی تۆمارکراو لەنێو تێکستی فیلمەکاندا ئەوە دەگەیێنێت کە مەرج نییە سەرجەم پەیوەندییەکانی نێوان ناوەند و کەنار نابەرابەر یان نایەکسان بن"، (Newman, K :2010: 10).

کەواتە کاتی ئەوەیە ئیدی فیلمسازی کورد لە ڕێی دۆزینەوەی کۆدەکانی ئەو پێوانەیەوە هەلی گەیاندنی پەیامی خۆی بە دنیا بدۆزێتەوە، ئەو دۆخانەی ڕۆژانە گۆڕانکارییان بەسەردا دێت بەشی زۆریان دەچنە خزمەت نەتەوە کەمینەکانەوە. هەرچەندە کورد گەر پێکڕا سەیر بکرێن ناکرێت گەلێکی چل ملیۆنی وەک کەمینە یان نەتەوەی بچووک تەماشا بکرێت، بەڵام ئیدی سستمی پێوانەیی سەنترالی بەو شێوەیە لێی دەروانێ.

بە هەموو شێوەیەک، لەم سەردەمە نوێیەدا ئەو دەرفەتە لەبەر دەم ئەفرێنەراندایە کە بتوانن لەگەڵ شەپۆلەکانی ئەمڕۆدا هەڵبکەن و خۆیان بەو سستمانە ئاشنا بکەن کە ترانسناشنال سینەما دەخاتە خزمەت جۆرێک لە کردنەوەی دەرفەت بۆ گەیشتن بە وی دی، هەڵبەت کواڵتی یەکێک دەبێت لەو مەرجانەی ڕێگاکە سانا تر دەکات، چونکە دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە هەموو کار و بەرهەم و هەوڵێك ناتوانێت بچێتە ژێر چەتری ئەفراندنەوە. پاشان دۆزینەوەی فۆرمێکی سینەمایی بۆ گەیاندنی پەیامگەلی مرۆیی ناسنووردار، کە دەرفەتی زیاتر لەبەردەم فیلمسازدا والا دەکات بۆ گەیشتن بە وەرگر لە نێوەند و کۆمەڵە مرۆییە جیاوازەکاندا. هەڵبەت لە فەراهەمبوونی ئەم مەرجانەدا سەلیقە و توانا خودییەکانی فیلمسازیش بەشداری کاریگەری دەبێت، جا گەر پاڵپشتێکی ئەکادیمی و زانستی دروستیش بێتە کایەوە هێندەی تر دۆخەکە

ساناتر و دەرفەتەکە بەهێزتر دەکات.

**دەرئەنجام:**

لەم سەردەمە نوێیەدا کە سەردەمی سڕینەوەی شوناسە لۆکاڵییەکانە و هەردەمە و بە نێوی داهێنانی تێرمێکی نوێوە خۆرئاوا بە خۆی و هەژموونەکانیەوە دێت و خەریکی سەنتڕالیزەکردنی کەلتووری خۆی دەبێت، ئاخۆ خۆرهەڵات و بەتایبەتی کەمە نەتەوایەتییەکانی وەک کورد دەتوانن چ جۆرە بەرگرییەک لە بەرامبەردا ئەو شەپۆلە توندەدا بینا بکەن؟ هەڵبەت ڕۆیشتن لەگەڵ ئەو شەپۆلەدا چەند قازانجی لە ڕووی هاوتابوون لەگەڵ ئەویتردا هەیە، بەشی ئەوەش زیان بە کەلتوور و شوناسە کۆمەڵایەتییە لۆکاڵییەکان دەگەیێنێت، بەڵام هێشتا هەندێک کایە ماون کە دەشێت شەڕی ئەو مانەوەیەی لێوە بکەین و هەوڵی تێدا بدەین کە تاهەنووکە و تارادەیەک لە فەرامۆشیدا بوون.

سینەما بۆ کورد بەر لەشەڕی شوناس، شەڕێکی تری لە پێشە، کە تا هەنووکە فەرامۆش کراوە. تا ئێستا هیچ پرۆژە و بیرکردنەوەیەك بە ئاراستەی بنیاتنانەوەی کاراکتەری کوردی لە ناوەوە نەهاتۆتە گۆڕێ. چەوساندنەوە و شەڕ و ئاژاوەکانی ناوچەکە و دواتر جینۆسایدەکانی بەسەر کورددا هاتووە لە نموونەی ئەنفال ناخی کاراکتەری کوردی هەلاهەلا کردووە، بەڵام ئێمە لە جێی ڕۆچوون بەنێو ئەو برینەدا و بەکاربردنی سینەما وەك جۆرێك لە قەرەبووکردنەوەی ڕۆحیی و دەروونی؛ خۆمان بە تاکتیکی نەگونجاوەوە خەریك کرد. ئەزموونی هەندێک گەلانی دی ئەوەی سەلماندووە کە شوناسی نەتەوە لە سارێژکردنەوەی بریندا پتەوتر دەبێت، نموونەی دیاریش بەشداری سینەمایە لە ناساندنی جووەکان وەك مەزنترین قوربانی سەر ڕووی زەمین. ئەو چەمکانە دەتوانن لەڕێی فرەپێوانەیی جیۆپۆلەتیکییەوە بگەنە دنیا، بە مەرجی توانستی بەرهەمهێنانی بونیادێکی گێڕانەوە کە دەتوانێ وەرگری دنیای ئەوانی تر لەڕێی هۆشاریی و هەستەوە بزوێنێ و خۆی لە سۆزێکی ڕووت کە لە سەردەمە نوێیەکاندا بایەخ وەرناگرێت و نایکرێت بچێتە نێو ئارگومێنتی مەبەستگەراوە، دوور بخاتەوە.

پرۆژەی دامەزراندنی کەلتووری نەتەوەیی یان نیشتمانی بە مانا فراوانترەکەی پرۆژەیەکی گشتگیری کۆمەڵی کراوەیە و لەسەر کەلتووری نووسراو و بیستراو و بینراو بنیات دەنرێت، کە لە بنەچەدا ڕەگ و ڕیشەیەکی مێژوویی هەیە. ئەو دەمەی ڕابردوو وەك کەلتوور لە نێو میراتی نەتەوەیی دەربازی دەبێت و لە ڕێی سینەماوە وەك نێوەندێکی کاریگەر خۆی نمایش دەکات، دەتوانێ هەردوو پێیەکەی شوناس لە ئێستادا تەواو بکات. بە مانایەکی سادەتر، بۆ ناسینەوەی شوناسی کەلتووری نەتەوەیەك پێویستمان بە سینەمایەکە ڕەگ و ڕیشەی ڕاستەقینەی کەلتوور بە دیدی ئێستاوە پێشکەش بکات. ئەم هەنگاوە پێویستی بە سەرمایەگوزاری لە نێو کایە کەلتووریی و ڕووناکبیرییەکاندا هەیە، کە لە هەموویان گرنگتر وەبەرهێنانە لە پێگەیاندنی عەقڵی ڕۆشنگەرانەی تاك تا خۆی لە کاریگەرییەکانی غەیبانییەت و ئایدۆلۆجیا و مەزهەب بدزێتەوە و دنیا لە دیدێکی جیاوازترەوە ببینێ. ئەوسا ئەو جۆرە مێنتاڵتییە ڕۆشنگەرە دەزانێ سینەما چ کاریگەرییەکی گەورەی لە سەر درووستکردنی شوناسی کەلتووری نەتەوەیی یان نیشتمانی هەیە و بە شوێن میکانیزمی دامەزراندنیا دەگەڕێت. هاوکات، بە پشتبەستن بە هەندێك بنەمای تیۆری کە تائێستا لە نێوەندی فیلمسازی کوردیدا فەرامۆش کرابوو هەلی کرانەوەی زیاتر بۆ فیلمسازیی کوردی بە ڕووی دنیادا دەکاتەوە، چونکە فیلمسازی هۆشیار و بە ئاگا لەو چەمکە نوێیانە دەتوانێت کۆدەکانی ئەو تەلیسمە بکاتەوە کە خۆرئاوا بۆ هێشتنەوەی خۆی وەك سەنتەری دنیا بەرهەمی هێناون. یەکێک لەو چەمکە باوانەی کاری لەسەر دەکرێت ترانسناشناڵ سینەمایە، ئەم چەمکە پێویستی بە بەرهەمهێنانی جۆرە میکانیزمێکە کە بتوانێت مامەڵەی لەگەڵ بکات. بانگهێشتکردنی سەرمایەگوزاری دەرەکییە بۆ نێو نێوەندێکی کەلتووری کە دەتوانێت دەنگ و ڕەنگی کورد لەگەڵ خۆی بەرەو دنیای ئەوانی تر ببات. هەڵبەتە میکانیزمی بانگهێشتکردنی سەرمایەی دەرەکی پێویستی بە ئامادەسازییەکی تەواو هەیە، چ لە ڕووی مارکێتین بۆ چیرۆک و لۆکەیشن و توانا مرۆییەکانی کوردستان، چ لە دۆزینەوەی هەلی کاری پێکەوەیی. بەشێک لەم ئەرکە دەکەوێتە ئەستۆی دامەزراوەکانی دەوڵەت، کە دەتوانن بە دامەزراندنی فیلم فاوەندەیشن یان هەر دەزگایەکی تر لە پێناو ڕێکخستنی کاری فیلمسازی لە کوردستان بەشێک لەو ئەرکە بە خێرایی بەجێ بهێنن، لایەکی تری ئەو ئەرکەش ڕەخساندنی زەمینەی کارە بۆ فیلمسازی کورد تا بە توانا نیشتمانییەکانی بەرهەمی کواڵتی بەرز پێشکەشی دنیا بکات و سەرنجیان بۆ ئەم پانتاییە ڕابکێشێت. ئەو ئەرکەشی لە ئەستۆی فیلمسازە کارکردنە لەسەر کواڵتی بەرهەم، چ لە شێوازی گێڕانەوەی چیرۆکەوە تا دەگات بە قۆناغەکانی پۆستپرۆداکشن و دواتر شێوازی بڵاوکردنەوەی فیلم.

ئەم پرۆسەیە درێژخایەن و گرانە، بەڵام هەنگاوی سەرەتای دەوێت، هەرکات ئەم دوو لایەنە کە بەشدارن لەو ئەرکەدا کەوتنە خۆیان بۆ دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاو، هەڵبەت بە پشتبەستن بە توانای خەڵکی پسپۆر و ئەکادیمی، دەتوانن قۆناغێک بچنە پێشێ، قۆناغێک کە لانیکەم لەوێوە بونیاتنانی ئایندەیەکی دیارتر دەست پێ دەکات.

ئەم کایە فرەهەستەوەرە پێویستی بە توێژینەوەی گەلێک زۆرە، بەتایبەتی کە کایەیەکی خاڵییە لە توێژینەوەی زانستی و پسپۆڕانێک کە دەتوانن لە ڕێی گەڕان و پشکنینی زۆرەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەن. بۆیە بانگهێشتی هەموو ئەو نێوەندانەی بایەخ بە کەلتووری گەلان دەدەن بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەم بوارە فرەهەستەوەرەدا ئەرکی دامەزراوە ئەکادیمی و سەنتەرەکانی توێژینەوەیە لە کوردستان، لەگەڵ تەرخانکردنی بودجەی پێویست بۆ ئەوانەی دەیانەوێت تەرخانی ئەم کایەیە بن دەشێت هەنگاوێکی باش بێت تا وردتر کێشەکان دەستنیشان بکرێن و پاشان چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە.

السينما الثالثة و ازمة الهوية

محاولات السينمائيون الكرد لايجاد مكانة في ذهن الآخر

## سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی :

- Gabriel, Teshome (١٩٨٦): “Third Cinema as Guardian of Popular Memory Towards a Third Aesthetics”. Available at: http://teshomegabriel.net/third- cinema-as-guardian-of-popular- memory.

-Guneratne, R. Anthony (٢٠٠٣): “Rethinking Third Cinema” eds. Guneratne R. Anthony & Dissanayake, Wimal. Routledge, New York, London.

- Higbee, W. and Lim, S. H. (٢٠١٠), ‘Concepts of transnational cinema: towards a critical transnationalism in film studies’, Transnational Cinemas ١ :١, pp. ٢١– ٧, doi: ١٠,١٣٨٦/trac.١/١,١,٧.

- Monaco,J.( ٢٠٠٠), How to Read a Film: The Art, Technology, Language. History and Theory of Film and Media, ٣rd edn (Oxford: Oxford University

**Press.**

- Newman ,K (٢٠١٠). Notes on transnational film theory decentered subjectivity, decentered capitalism. In In Natasˇa Dˇurovicˇová & Kathleen Newman Editors : World Cinema Transnational Perspective. Routledge, New York, London.

- Naficy, Hamid (٢٠٠١) An Accented Cinema: Exilic and Diasporic Filmmaking. Princeton University Press, USA.

- Wayne, Michael (٢٠٠٢): “The Critical Practice and Dialectics of Third Cinema”. In The Third Text Reader: On Art, Culture, and Theory, pp. ٢٢٧-٢١١. Published by: Continuum, New York.

-William, B. (٢٠٠٩) Lost in Translation, in Ruby Cheung & D. H. Fleming Editors: Cinemas, Identities and Beyond, Cambridge Scholars Publishing.

## سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی

-الجابري، محمد عابد.( ١٩٩٧) العولمة والهوية الثقافية.. عشر أطروحات، في مجموعة مؤلفين، ندوة العرب و العولمة، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت.

.حنفي، د. حسن & العظم، د. جلال ( ٢٠٠٠). ما العولمة، دار الفكر، دمشق _

.نعمه، اديب. سمير أمين: مركز وأطراف وسقوط في الهامش. جريدة المدن الإلكترونية .عدد يوم الثلاثاء ٢٠١٨/٠٨/١٤ -